# گۆشەی هەرجارەی فەیلەسوفێک

## (٥)

## کریشنا مۆرتی (١٨٩٥/٥/١٢-١٩٨٦/١٢/١٧)



(کریشنا مۆرتی) فەیلەسوفی هندی وەك مەسیحی سەدەی بیستەم سەیرکراوە، بە ڕادەیەك بیرو بۆچوونەکانی کاریکردۆتە سەر هزری زۆربەی بیرمەندانی سەردەمی مۆدێرنە.

مۆرتی لە یەکێك لە کەنارەکانی هندستان لەلایەن گروپێکی دینی سۆفیزمەوە دۆزرایەوە. هەر لەسەرتاوە، ئەو گروپە پێیانوا بوو رابەرێکی روحی دەگمەنیان دۆزیوەتەوە، کە لە داهاتودا کاریگەری بە ئەندازەی بوداو مەسیح دەبێت.

لە بیستەکانی سەدەی رابردودا، کریشنا مۆرتی زۆربەی چاپەمەنیەکانی جیهان و بیرمەندە ئایدیالیستەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردبوو لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا هەزاران کەس گوێ بیستی وتارەکانی دەبوون، بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئامۆژگاری روحی. بۆ ماوەی زیاتر لە (٦٠) ساڵ کریشنا مۆرتی گەشتی بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان کردو لەمیانیدا کۆبونەوەی گشتی تایبەتی ئەنجامدەداو باسی لە لەزەتەکانی شادمانی (روح) دەکرد.

ئەو پێی وابوو (گۆڕانکاری گشتگیر) لە ناخ و بیری تاکەکانەوە دەستپێدەکات، کریشنا مۆرتی دەڵێت: هەر کاتێك توانیمان ناخی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بگۆڕین، ئەوا دەتوانین کۆمەڵگە بە گشتی بگۆڕین و ئاشتی و ئارامیش بۆ تەواوی جیهان دەستە بەر بکەین.

کریشنا مۆرتی لە١٨٩٥/٥/١٢ لە باشوری هندستان لەدایکبووە. لە ١٩٨٦/١٢/١٧ لە کالیفۆرینا کۆچیدوایکردوە، سەرجەم نوسین و وتارو گفتوگۆکانی لە چوارچێوەی زیاتر لە(٧٠) کتێب و سەدان کاسێت کۆکراونەتەوە.

**هەندێك لە بۆچوونەکانی:-**

*خۆشەویستی چارەسەری سەرجەم گرفتەکانی کۆمەڵگە دەکات.

بەڵام کام خۆشەویستی؟ ئەو خۆشەویستیەی رق و کینە لەسەر دڵمان پاکدەکاتەوە، وەك چۆن باران تۆزی سەر گەڵاکان پاك دەکاتەوەو دەشوات.

*لە پەیوەندیەکانمدا لەگەڵ کەسی بەرامبەردا. ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو (بەها)یەدا دەکەین، کە کۆمەڵگە بۆ کەسەکەی داناوە، نەك لەگەڵ کەسایەتی مرۆڤەکە خۆی.

*پرۆسەی گۆڕانکاری دەبێت لە هەناوی تاکەوە، بەرەو ناوجەرگەی کۆمەڵگە سەرچاوە بگرێت .

ئا/ لە ئینگلیزیەوە: شاسوار کەمال مەحمود

سەرچاوە: ئینتەرنێت